# "کۆنگرەی ئازادی عیراق"و هەنگاوەکان بۆ ئازادی!

**جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

داگیرکاری ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی بە تەواوەتی کۆمەڵگای عێراقی لە خوێن هەڵکێشاوە. بە پێچەوانەی ئیدعای بێ بناغەی ئەمریکاو دەستو پێوەندە ئیسلامیو قەومیەکانیو باندە عەشیرەتیەکانەوە کە گوایە کۆمەڵگای عێراق رزگارو ئازاد کراوە، کۆمەڵگای عێراق لەدەست صدامێك رزگاری بووە بەڵام چۆتە دەست دەیان صدامی ترەوە. مانایەك بۆ ژیان، مانایەك بۆ خۆشی ئینسانەکان، مانایەك بۆ شادی منالان، مانایەك بۆ مەدەنیەت نەماوەتەوە. هەرچی هەیە کوشتاری رۆژانەیە، هەرچی هەیە سیناریۆی تاڵی داروخانی ژیانە کە زۆربەمان گەر بە فیلمیش بمانبینیایە، دەستمان بەچاوەکانمانەوە ئەگرت تاکو پەرینی دەستو قاچەکان نەبینین، گوێکانمان توند ئەگرت یان پێچی تەلەفزیۆنەکەمان بائەدا، تاکو هاواری ئینسانەکان لە کاتی خەویشدا نەزرینگێتەوە لە گوێماندا. بەڵام ئێستا ئەم سیناریۆیە بەسەر ژیانی ملیۆنها خەڵکەوەیە لە کۆمەڵگاکەماندا. داگیرکاری ئەمریکاو حکومەتە قەومی_ عەشیرەتی_ تائیفیەکەی جەعفەری_ تاڵەبانی بچوکترین رێزیان بۆ کەسو کاری ئێمە، بۆ هاوچارەنوسانی ئێمە نەهێشتۆتەوە. ئینسان هیچ نرخێکی نیە لای ئەوان.

لە ئەوزاعێکی ئاوهادا کە ژیان تەڵخو لێڵ کراوە، دەنگێکی ترو ئومێدێکی تر بەرێوەیە. دەنگێك کە بە شوێن ئەوەوەیە ئیرادەی جەماوەری عێراق بگێرێتەوە بۆ خۆیان، دەنگێك کە ئەیەوێت دەنگی هەموو "نا" کانی خەڵك بێ بە دژی داگیرکاریو داروخانی کۆمەڵگا، بە دژی تیرۆریزمی ئیسلامیو تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا. ئەو دەنگو سەکۆیەش کۆنگرەی ئازادی عێراقە کە بە دەستپێشکەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پێکهات. ئەم کۆنگرەیە لە پێناو رزگارکردنو ئازادکردنی کۆمەڵگای عێراقدا هەوڵ ئەدا بە پشت بەستن بە هێزو ئیرادەی خەڵك هێزەکانی ئەمریکا بکاتە دەرەوەو کۆتایی بە داگیرکاری بهێنێ. لەو پێناوەشدا لەهەوڵی رێکخستنی خەڵکی ئازادیخوازو هەرکەسێکدایە کە بۆ ئازادیو مەدەنیەتو سکۆلاریزم هەوڵ ئەدات. لە ئاستی دەرەوەش بۆ هێنانەمەیدانو هێنانەپشتی بەشەریەتی پێشکەوتوو مەدەنیدایە بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی خەڵکی عێراقو زەمانەت کردنی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە.

لەکاتێکدا کە سەرشەقامەکانی بەغداد تەپو تۆزو دوکەڵی تەقینەوەکانو کوشتاری لێ نیشتووە، هەڵسوراوانو رابەرانی کۆنگرەی ئازادی عێراق سەرقاڵی بەستنی کۆبوونەوەی کۆنگرەن.

لەژێر دروشمەکانی " نا بۆ داگیرکردن نا بۆ تیرۆرو نا بۆ تایەفەگەریو نا بۆ رەگەزپەرستی بەڵێ بۆ ئازادی عێراق"، "پێکهێنانی حکومەتێکی غەیرەدینیو غەیرە تایفی تەنیا زەمانەتێکە بۆ بەرگرتن بە شەری ناوخۆیی"، "لە پێناو تایەفەچێتیدا منالەکانمان مەکوژن" وە "بە بێ کۆتایی هێنان بە داگیرکردن نە ئاسایشو نە ئازادیو نە ریفاە دەبێ" دا رۆژی 2005/05/27 و کاتژمێر 11ی بەیانی لە ئوتێل میریدیان کۆنگرەی ئازادی عێراق یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست. سەرەتا باسل مهدی کۆنفرانسەکەی کردەوەو بەیاننامەی دامەزراندنی کۆنگرەی خوێندەوە. بەدوای ئەویشدا قاسم هادی ووتەیەکی پێشکەش کرد کە ئاماژەی بە تێکچوونی باری ئەمنیو ژیانی خەڵکی کردو تیشکی خستە سەر لایەنەکانی نەخشەی کۆنگرە بۆ دەربازکردنی جەماوەر لەو سیناریۆ تاڵەی تێی کەوتووە. ئەبێ بووترێ کە شیعارو باسەکانی کۆنفرانسەکە لە لایەن ئامادەبووانەوە پێشوازیو پشتیوانی لێکرا. هەر لەو رووەوە نامەی پشتیوانی لە لایەن چەند کەسو لایەنێکەوە نێردران بۆ کۆنفرانس، لەوانە: الفريد السمعان لێپرسراوی یەکێتی ئەدیبە عێراقیەکان، کە ئەڵێ "با پێکەوە لە چوارچێوەی هاوپشتی کۆمەڵایەتیو ئینسانی بۆ ئازادی عێراق کار بکەین". ابو میدیا لە بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی، کە لە پەیامەکەیدا ئەڵێ "ئێمە تەئیدی ئەو چوار "نا"یەی دروشمە سەرەکیە دەکەین کە کۆنگرەی ئازادی عێراق بەرزی دەکاتەوە وە پێشنیارتان پێدەکەین کە قسەوباس لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەدا بکەن کە هەڵوێستی بۆ یەکێتیو ئازادی عێراق دەربریوەو داوای ئەو چوار "نا"یە دەکەن.... یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکانی عێراق. عباس کازم الرکابی لە لایەن نەقابەی کرێکارانی چاپخانەکانو میکانیك لە ئەسکەندەریە، حکمت علی المختار ئەندامی شورای بەرێوەبەرایەتی

نەقابەی ژمێریارە عێراقیەکان کە لە پەیامەکەیان هاتووە، "ئێمە پشتیوانی لەو چوار "نا"یە دەکەین چونکە داگیرکردنو تایەفەگەرێتیو ڕەگەزپەرەستی لەلایەن داگیرکەرو ئەو حزبانەی کە پشتیوانی لیّ دەکەن دروست کرا کە دیاردەی تیرۆر لە ئەنجامیدا سەری هەڵدا....

هەروەها لەدرێژەی کارو هەڵسوڕانەکانی خۆیدا، کۆنگرەی ئازادی عێراق، لقی بەریتانیای پێکهێنا. ڕۆژی 2005/06/05 لە هۆڵی هالاوی ڕۆد لە لەندەنو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی بەریتانیو جالیەی عێراقی لقی بەریتانیای کۆنگرە کرایەوە. سەرەتای کۆبونەوەکە لە لایەن ئارمان فراکیش کرایەوە کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی ئازادی عێراقو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی ئێرانی. هەروەها ووتەبێژەکان بریتی بوون لە یەنار محمد سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی عێراقو موئەیەد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هۆزان مەحمودو نادیە مەحمود هەڵسوڕاوانی ژنان کە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆنگرەن. بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە باسێك بوو سەبارەت بە وەزعی سیاسی عێراق لە ژێر سایەی داگیرکاریو دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، و پێداویستی دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە لایەن یەنار محمدەوە. دواتر باسی ئامانجەکانی کۆنگرەو نەخشەکانیو کارەکانی لەسەر ئاستی جیهانیدا کراو لەوبارەیەوە وەڵام بە پرسیاری ئامادەبووان درایەوە. بەشی دووەمی کۆبوونەوەکەش تایبەت بوو بە ڕێکخستنی کۆنگرە لەسەر ئاستی بەریتانیاو ئەجێندای کارەکانیو چۆنێتی پەیوەست بوونی خەڵك پێوەی. بڵاوکراوەو دۆکیومێنتەکانی لقی بەریتانیا بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کراو دواتریش نزیکەی پێنج سەد دۆلار وەك کۆمەك بۆ کۆنگرە کۆکرایەوە. لە کۆتاییشدا تەلەفزیۆنی پرتۆی ئێرانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەڵسوڕاوانی لقی بەریتانیادا سازدا.

هەوڵو چالاکیەکانی کۆنگرە لە بەغدادو شارەکانی تری عێراق، هەروەها دەستبەکار بوونی لقی بەریتانیای کۆنگرە، بەستنی کۆبوونەوەو دانانی ئەجێندای کارەکانیان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی عێراق بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی مۆدێرنو نادینیو ناقەومیو پەیوەست بوونی خەڵکانێك لە دەرەوە، لە بەریتانیا، یابان، نیشانەی بڵاویو گەورەییو مەزنی بەرەیەکی ئینسانیو پێشکەوتنخوازە کە ئەتوانێت ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە کۆتایی هێنان بە داگیرکاری ئەمریکاو دەستکۆتاکردنی تیرۆریزمی ئیسلامیو دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا. منصور حکمت ووتەنی هێزی ئینسانیی بەشەریەتی موتەمەدین وەك غۆلێکی نوستووەو بە ڕاپەڕینی ئەتوانێ دەستی ملهوڕیو وەحشیەتی سەرمایەداری سەردەم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ببڕێتو لەسەر بەشەرییەت کورتی بکاتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کۆنگرەی ئازادی عێراق کار بۆ بەخەبەرهێنانی ئەو هێزە عەزیمە ئەکەن.